# هەرکەسێک بە سوێند مافی ڕەوای مسوڵمانێک بۆ خۆی زەوت بکات؛ ئەوا خوای گەورە سزای دۆزەخ بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەکات، وچوونە بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات

لە ئەبی ئومامە ئیاسی کوڕی سەعلەبەی حاریسیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بە سوێند مافی ڕەوای مسوڵمانێک بۆ خۆی زەوت بکات؛ ئەوا خوای گەورە سزای دۆزەخ بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەکات، وچوونە بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات»، پیاوێک ووتی: ئەگەر شتێکی کەمیش بێت ئەی پێغەمبەری خودا؟ فەرمووی: «با چڵە دارێکیش بێت لە داری سیواک».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە دەربارەی سوێند خواردن بە خوای گەورە؛ بە درۆوە، ئەمیش بۆ زەوتکردنی مافی مسوڵمانێك، هەرکەسێك وا بکات شایستەی چوونە دۆزەخ، وبێبەشبوونە لە بەهەشت، ولە تاوانە گەورەکانە. پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەرچیش ئەو شتەی سوێندی لەسەر دەخوات شتێکی کەم بێت؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: تەنانەت ئەگەر لقە دارێکی سیواکیش بێت کە لە داری ئاراك دەکرێتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5430